

# گۆچانی سیحری بۆ هەموو ئەرکێک

لەم سەردەمەدا گشت ئامێرەکانی ماڵەوە بەرەو زیرەکی ڕۆیشتوون، لە ماڵەوەدا چەندین ئامێر هەن کۆنترۆڵی تایبەت بەخۆیان لەگەڵدایە، وەك تەلەڤزیۆن، سەتەلایت، سپیلیت، سپیکەری سمارت...تاد.. بۆیە دەبێت بەکارهێنەر چەندین ریمۆت کۆنترۆڵ لەلای خۆی دابنێت. ئەدی ئەگەر تەنیا بە یەك ئامێر و بەیەك گۆچانی سیحری کۆنترۆڵ گشت ئامێرەکان بکرێ چۆن دەبێت! بەڵێ بەهۆی ئامێری Welle کە قەوارەکەی بەقەد مۆبایلێك دەبێت هەموو ئامێرەکانی ماڵەوە کۆنترۆڵ دەکەی، ئەویش نەك بە دوگمە بەڵکو تەنیا بە هێما و ئاماژە.. ئەگەر بتەوێ دەنگی تەلەڤزیۆن یان سپیکەرەکە کەم یان زۆر بکەی، لە ئاست ئامێرەکەدا پەنجەت وەك بادانی دوگمە بۆ لای چەپ یا راست بسوڕێنە.. ئەگەر بتەوێ پەردە یا دەرگای ماڵەوەت دابخەی یان بکەیەوە پەنجەت بۆ سەرێ یان خوارێ بەرە، ئەگەر گلۆپەکانی ماڵەوەت بکوژێینەوە یا هەڵبکەی تەنیا ئەوەندە بە پەنجە ئاماژەی کوژانەوە و هەڵبوونەوە بکە، ریمۆت کۆنترۆڵی هەموو ئامێرێك تەنیا بە هێما و ئاماژە!.

# گوڵە نیلوفەر لە مەترسی دەتپارێزێ





ئەمنییەت لەسەردەمی دیجیتالیدا ئەگەر وەبەرچاو بگیردرێت، لە هەموو کاتێك ئاسانترە، مۆبایلەکەت یان کاتژمێرە هۆشمەندەکەت ئەگەرچی بۆ مەترسی دروستکردنیش دەگونجێن، بۆ پاراستن و ئەمنیەتیش زۆر گرنگن، ڕۆژانە زۆربەی ڕووداوی کوشتن و ون بوون و دزین لە رێگای مۆبایلەوە ئاشکرا دەکرێن..

گوڵە نیلوفەر یا (Lotus by Seam) ئەم ئامێرە بچووکەیە کە بەقەد دوگمەیەك دەبێت و لە شێوەی گوڵی نیلوفەر دەچێت، دەکرێت وەك دوگمەی کراس، یان وەك ملوانکەیەك، یان وەك بازنەیەك بۆ جوانی سوودی لێوەربگیردرێت و ئەرکی پاراستنی ئەمنییەتیش ئەنجام بدات. بەهۆی ئەو ئامێرەوە دەکرێت لەکاتی مەترسیدا بە شوێنی مەبەست رابگەیەنیێ و ئەوانەی پێشووتر بۆ ئەم مەبەستە دەستنیشانت کردوون لەکاتی وادا بەهاناتەوە بێن، دەستبەجێ لەرێگای مۆبایلەکانیانەوە ئاگادار دەبن، لە رێگای بلوتوسەوە بە مۆبایلەوە پەیوەند دەدرێت و لەوێشدا لە رێگای ئاپێکی تایبەتیەوە ئەرکەکان ئەنجام دەدات.

دەکرێت بە دەنگی خۆت پەیام بەرێ بکەی، شوێنی جوگرافیت نیشان بدەی، لەکاتی زۆر پێویستیشدا وەك نەخۆشی و مەترسی دوگمەی حاڵەتی تەنگەتاوی لێبدەی.. هەرکە جارێك شەحنت کردەوە هەتا ٤٢ کاتژمێر پێویستی بە شەحن نییە. ئامێرەکە لەگەڵ مۆبایلی پێنج کەس پەیوەند دەدرێت بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا ئیمێل یان کورتەپەیامیان بۆ بچێت.



# ئاوێنەی سمارت ڕێنماییتان دەکات

ئێستا ئاوێنە هەر پارچە جامێك نییە كە ڕوخساری خۆتی تێدا ببینی، ئاوێنەی سەردەمی دیجیتالی، جگە لە نیشاندانی ڕوخسار، زانیارییە گرنگەكانی ڕۆژ باس دەكا، كەش و هەوا نیشان دەدا و فەیسبوك و یوتیوبیشی پێدەكرێتەوە..

ئاوێنەی سمارتی جۆری Mini Premium جگە لەوەی كە ئاوێنەیەكی هۆشمەندە و ڕوخساری بەكارهێنەرانی دەناسێتەوە، لە بواری كەموكوڕی پێستی بەكارهێنەرەكەشی ڕێنمایی هەیە. لە ڕاستیدا ئاوێنەكە خۆی پێكهاتووە لە كامێرایەكی هۆشمەند كە لەناو شاشەیەكی لەمسی داندراوە و سیستەمێكی تایبەتی تێدایە بەناوی Skin Analysis كە لانی كەم ١٠ هەڵە و پەڵەی دەموچاو نیشان دەدا، وەك چرچ و لوچی پێست، هێڵی بەرجەستە، خاڵی ڕەش ڕەش، پەڵە و خاڵی سوور، زیبكە و نەخۆشییەكانی پێست...تاد.

ئاوێنەكە دوای نیشاندانی خاڵ و پەڵەكانی ڕوخسار، بەكارهێنەرەكەی ئاگادار دەكاتەوە كە چۆن ئەو خاڵ و پەڵانە لاببات. جگە لەو تایبەتمەندییانە، ئاوێنەكە چ شوێنێك لە ڕوخسار بتەوێ بە گەورەیی نیشانی دەدات تا بە وردی ببینرێ، جگەلەوەش ڕۆژژمێری گوگل و فەیسبوك و ئینستاگرامیش دەكاتەوە.



# كاتژمێرێكی هۆشمەند مانگ و نیوێك شەحنی دانابەزێ

لە ئامێرە دیجیتالییە هۆشمەندەكاندا، یەكێك لە خاڵە لاواز و بەهێزەكانی دابەزین و دانەبەزینی وزەیە، ڕەنگە مۆبایل هەبێ كە گشت ئەركەكان بە ڕێكی ئەنجام بدات و تایبەتمەندییەكانی لەسەری بن، بەڵام شەحنی زوو دادەبەزێت، ئەمە دەبێتە گرفتێكی سەرەكی و تایبەتمەندییەكانی دیكەشی وەبەرچاو ناگیردرێن. پێچەوانەی ئەمەش دروستە.

كاتژمێرە هۆشمەندەكان كە ئێستا تا ڕادەیەك شوێنی خۆیان كردۆتەوە، ئەویش وەك مۆبایلەكان كێشەی شەحنكردنەوەیان هەیە، زۆربەیان ئەوپەڕی سێ ڕۆژ شەحن لەخۆیاندا ڕادەگرن، بەڵام كاتژمێری جۆری Amazfit Bip لەوانە نییە. ئەم كاتژمێرە هەتا ٤٥ ڕۆژ واتە مانگ و نیوێك شەحنی دانابەزێت.

كاتژمێرەكە ستایلەكەی چوارگۆشەیە، لەیەكەم سەرنجدا زۆر وەك كاتژمێری ئەپل دەچێت. جگە لەوەش ئەركەكانی دیكەی وەك هەموو كاتژمێرە هۆشمەندەكان ئەنجام دەدات، وەك لێدانی دڵ، پێوانەی مەودای ڕۆیشتن، ڕێژەی سووتانی كالۆری و وزە، هەڵسەنگاندنی چۆنییەتی خەوی بەكارهێنەر... كاتژمێرەكە قەبارەكەی ١،٢٨ ئینجە، شاشەكەی بەهێزە، سیستەمی GPS تێدایە، نیو كاتژمێر بەبێ ئەوەی هیچی لێبێت دەكرێت لەنێو ئاودا مەلەی پێبكەی، كێشی تەنیا ٣١ گرامە. بۆ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ios دەگونجێت، لەگەڵ ڕاهێنانی زۆربەی وەرزشییەكان دەگونجێت وەك، یاری ئاسن، پایسكل لێخوڕین، ڕۆیشتن بەپێ و مەلە كردن..




## ئامێرێکی زۆر گرنگ بۆ پایسکل لێخوڕین

هەرچەندە لەلای ئێمە پایسکل لێخوڕین نەبۆتە باو، بەڵام لە زۆربەی شارە قەرەباڵغەکانی جیهان وەك تۆکیۆی ژاپۆن و پەکینی چین، کەمتر خەڵك سواری ئۆتۆمبیل دەبێت و پایسکل لێدەخوڕین، چونکە بۆ تەندروستی و جەستەشیان سوودێکی زۆری هەیە.

ئامێرێکی تایبەتی پایسکل لێخوڕین بەناوی MEGA XL بەرهەم هاتووە، کە لەخۆیدا چەندین ئەرك ئەنجام دەدات، وەك کاتژمێر دەست دەچێت، شاشەکەی ٢,٧ ئینجە، سیستەمی GPS زۆر بەهێزی تێدایە، لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت. لەسەر شاشەی ئامێرەکە، لێدانی دڵ، خێرایی، لێدانی پێدانەکانی پایسکل نیشان دەدات. تەنانەت ئەو پەیامانەی بۆ مۆبایلەکەت دێن لەسەر شاشەکە نیشان دەدەرێن.

ئامێری ناوبراو نەخشەی هەموو شوێنێکی تێدایە، ڕێگا نزیکەکانی لێخوڕینی پایسکل نیشان دەدات، هەروەها دەتوانی سیستەمی GPSت هاوبەش بکەی و ئەوانەی هاوڕێ یان ئەندامانی بنەماڵەتن لەسەر شاشەی مۆبایلەکان شوێنی تۆ ببینن و لەکاتی گرفتێکدا بەهاناتەوە بێن. هەتا ٤٨ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت، ئەمەش گرنگی خۆی هەیە. جگە لە نیشاندانی ئەوانەی ئاماژەمان پێدان، دەتوانی ڕێژەی سووتانی وزە، پلەی گەرمی، بەهێزی شەپۆلی GPSیش نیشان دەدات، بە ئاسانی دەتوانی نەخشەی هەر شوێنێك لە جیهان بتهەوێ لەسەر ئامێرەکە دابەزێنی.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت ئایا دەکرێت گۆڕانکاری لە فۆنتی فەیسبوکدا بکەم؟ فۆنتێکی دیکە وەك لە شوێن ئەو فۆنتەی دانراوە بۆ فەیسبوك هەڵبژێرم؟**

خوێنەری بەڕێز لە جیهانی کۆمپیوتەر و ئایتیدا شت هەیە مەحاڵ بێت و نەکرێت! بەڵێ فۆنتی فەیسبوکیش دەگۆڕدرێت، بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا دەبێت پرۆگرامۆکەیەك هەیە بەناوی change Facebook font لەسەر گوگل کرۆم دابنێی، ئەگەر لە گوگل کرۆم سوود وەردەگری، دوای ئەوە هێمایەك زیاد دەبێت کە لۆگۆی فەیسبوکی لەسەرە، بە کردنەوەی ئەو پرۆگرامە دەتوانی فۆنتی مەبەستی خۆت، سایزی فۆنتەکەت، فۆنتی کۆمێنت، فۆنتی نامە بە ویستی خۆت بگۆڕی..

## تەنکترین مۆبایلی بەقەد بێزنس کارتێک



لە سەردەمی مۆبایلە سمارتەکاندا، بەکارهێنەر نازانێت لەنێوان ئەو سەدان جۆری مارکەی مۆبایلدا کامەیان هەڵبژێرێ، لە شاشەی گەورەوە بگرە هەتا شاشەی زۆر بچووك، لە مۆبایلی گەورەوە بگرە هەتا مۆبایلێك کە بەقەد کارتێکی ڕێکلام بێت.

ژاپۆنییەکان کە هەمیشە پێشەنگی داهێنان بوونە، لەم ماوەیەدا مۆبایلێکی تەنکیان بەرهەم هێناوە کە بە جۆری KY-O1L ناسراوە و راست بەقەد کارتێکی ڕێکلام دەچێت و دەکرێت لە جزدانی پارەشدا جێگای بێتەوە. هەر بۆیە بە «کارتی مۆبایل»یش ناسراوە.

مۆبایلەکە بچووکە و بارستاییەکەی تەنیا ٥,٣ ملمە و کێشەکەی تەنیا ٤٧ گرامە. شاشەکەی ٢,٨ ئینجە. بەڵام یەك ڕەنگە، بۆ ئینتەرنێتی خێرا هیچ کێشەی نییە، بەڵام کامێرای نییە.

# دەفتەری یادداشتی سیحری

ROCKETBOOK

دەفتـەری یادداشـتی ڕۆژانـە، یـان دەفتـەری نووسـین پێکهاتـووە لـە چەندیـن لاپـەڕەی سـپی و هیچـی تـر نییـە.. بـەڵام لەسـەردەمی دیجیتالیـدا دەفتـەری یادداشـتی دیجیتالیـش بەرهـەم هاتـوون کـە بـە وزە کار دەکـەن و بـە پێنووسـی تایبـەت لەسـەریان دەنووسرێ و لەگـەڵ ئینتەرنێت پەیوەندییـان دەبێ و دەتوانـی نووسـینەکان لـە نێتـدا هەڵبگـری..

دەفتەرێکی دیکەی کلاسیك واتە هەمان دەفتەری کاغەز بەرهەم هاتووە بەناوی Rocketbook کـە پردێکـە لەنێـوان کلاسـیك و دیجیتالـدا، ئـەم دەفتـەرە یادداشـتە تەنیـا ٣٥ لاپەڕەیـە و بەقەڵەمێکـی تایبەت لەسـەری دەنووسـرێ، لە خوارەوەی هەر لاپەڕەیەکدا هێمایەك هەیە، هەر هێمایەك بۆ مەبەستێکی تایبەت دیاریکراوە، یەکێك بۆ ئیمێل، یەکێ درۆپ بۆکس، یەکێك بۆ گوگل درایڤ...تاد. کاتێك لاپەڕەیەکت نووسـی یـان نیگارێکـت کێشـایەوە یـان هـەر کارێکـی دیکـە، یەکێك لـەو هێمایانە هەڵدەبژێری، بە مۆبایلەکەت سکانێك لەو لاپەڕەیە بگرە، لاپەڕەکە ئۆتوماتیکی بۆ شوێنی مەبەست جا ئیمل بێ یان گوگل درایڤ یان درۆپ بۆکس ..تاد دەڕوات. ئەگەر دەقێکت نووسیبێ بە زمانی ئینگلیزی لەسەر مۆبایلەکەت دەقە نووسراوەکە دەبێتەوە دەقێکی دیجیتالی و دەتوانی دەستکاری بکەی..

خاڵـی جێـگای تێڕامانـی دەفتـەرە سـیحرییەکە ئەوەیـە کاتێـك لاپـەڕەکان پـڕ بوونـەوە دەکرێـت ماوەیـەك لـە بەفرگـر دایبنـێ و لاپـەڕەکان وەك یەکەمجاریـان لێدێتـەوە و سـپی دەبنـەوە، دەکرێت لەناو مایکرۆشدا سپی بێتـەوە.. بـەڵام ئەگـەر بتەوێ لاپەڕەیـەك بسڕیەوە، ئەوە بە ئاو بیسڕەوە، بەڵێ هەر بە ئاوی ئاسایی، ئەگـەر بتهـەوێ دێڕێکیـش بسڕیەوە ئەوە دەکرێت سڕەوەی قەڵەمەکە بیسڕیەوە..



## ماڵپەڕێک بۆ دروستکردنی کارتی شایی

بۆ شـایی و بـووك گواسـتنەوە بە سـەدان جۆر کارتی تایبەت بەو ڕۆژە هەیـە، بـەڵام ئەگەر بتهـەوێ کارتی شـایی و زەماوەندەکـەت تایبـەت بەخـۆت بێـت و خـۆت دیزاینەکـەی دابنێـی. ئـەوە دەتوانـی لەنێـوان دەیـان ماڵپـەڕ کـە تەنیا بەمەبەسـتی دیزاینـی کارتـی زەماوەنـد دانـدراون سـەر لـە یەکێکیان بـدەی.. ماڵپەڕی /https://www.canva.com یەکێکـە لـەو سـایتانە.. ئـەم ماڵپەڕە تەنیـا بـۆ دیزاینـی کارتـی شـایی و زەماوەنـد نییە بگرە بۆ دروسـتکردنی برۆشۆر و کارتی بازرگانیش سوودی لێوەردەگیردرێت..

بـۆ دروسـتکردنی کارتـی شـایی پێویسـتت بـە شـارەزاییەکی ئەوتـۆ نابێـت، لەنێـو سـەدان جـۆرە سـتایل کـە لـە سـایتەکەدا هـەن یەکێکیـان هەڵبژێـرە و ئـەو وێنەیـەی کـە مەبەسـتتە دیـاری بکـە و کارتەکـە دروسـت دەبێـت، دەتوانـی کارتەکـەت پرێنـت بکـەی یـا هـەر لـە ئینتەرنێتـدا شـێری بکـەی...

# پرۆگرامێک بۆ سڕینەوەی پرۆگرامە تێکدەرەکان

لـە جیهانـی ئینتەرنێتـدا ئەوەنـدە بـە ئاسـانی سـیخوڕی بەسـەر زانیارییـە شەخسـییەکانەوە دەکرێـت وەك ئـاو خواردنـەوە، بەتایبەتـی کـە ناشـارەزا بـی.. فایلێکـت بـۆ بـەڕێ دەکـەن، وێنەیـەك بێـت یـان دەقێـك کـە لـە ژێرەوەیـدا فایلێکـی سـیخوڕی شـاردراوەتەوە، هـەر کات کردتـەوە ئـەوە دەسـت دەکات بـە ناردنـی زانیارییەکانـی سـەر کۆمپیوتەرەکـەت بـۆ شـوێنی مەبەسـت. ئـەو فایلـە تێکدەرانـە کـە ترۆجـان یـان فایلـی سـیخوڕیان پێدەگوتـرێ بـە ئەنتـی ڤایرۆسـەکان ناسـردرێنەوە..



پرۆگرامـی NETGATE Spy Emergency v25.0 پرۆگرامێکـە بـۆ ئـەم مەبەسـتە دانـدراوە و بۆ سـڕینەوەی فایلە سـیخوڕییەکان. پرۆگرامەکـە بـۆ لابردنی پرۆگرامی سـیخوڕی لە ڕێـگای دوورەوە، سڕینەوەی شوێن پێی فایلە تێکدەرەکانە.

پرۆگرامەکـە وەك ئەنتـی ڤایرۆسـێك کار نـاکات، بەڵکـو یارمەتیـدەری ئەنتـی ڤایرۆسـە. پرۆگرامەکـە هەمـوو ئـەو هێرشـە تێکدەرانـە کـە بۆ سـەر کۆمپیوتـەر یان ماڵپەڕەکـەت دەکرێـن لادەبـات. گشـت فایلـە تێکدەرەکانـی وەك دزینـی پەسـۆرد و یـان ئەوانـەی ڕێـکلام دەکـەن دەسڕێتەوە.

بەشێك لە ئەرکەکانی پرۆگرامەکە ئەمانەن:

- لابـەری فایلـە تێکـدەرەکان وەك فایلـی سـپای و تـروا.
- بەرگـری کـردن لـە ناردنـی زانیـاری لـە کۆمپیوتەرەکەتـەوە بـۆ شـوێنێکی دیکـە
- سـکان کردنـی گشـت کۆکییـە تێکـدەرەکان.
- ڕێگـری کـردن لـە فایلـی تێکـدەر بـۆ ئیمێلەکـەت.